ژنێک لە مەرەکەب

تۆ ژنێکی ئاودامان لە مەرەکەب

لە دێر زەمانەوە چاوەڕوانیت

سوێندت خواردبوو کە شوو نەکەی

تا پیاوێك دێ .. پیاوێك غەریقی مەرەکەب

سوارێك ... سواری ئەسپێك کە یاڵا و بژی ...

هەر چوار پەلی شۆراوە ...

دە نێو حەوزێکدا ... حەوزێکی پڕ مەرەکەب

ساڵانێکە چاوەڕێیت لەو کۆشکە دەرت بێنێ و ... بتفڕێنێ

کۆشکێك کە گوڵەکانی نێو باخچەکەی ...

گشت پەردە و ...رایەخ و ... بگرە تابلۆکانی

بە رەنگی مەرەکەبێکی شینی ئاسمانی ...

شیناوی دەدایەوە

چاوەڕێ بوویت ... لەو دیو پەنجەرەی ژوورەکەتەوە

لەبەیانی تا ئێوارە ئەو نیگا شینانەت 000

کە شینترن لە کووژەکە و 000 لەزەریایەکی سەرمەست

پۆلە فڕندەیەکی بەهەشتی ئاسا 000

بەسەرسینەی دەریایەکی مەرەکەبی شین باودا

هەڵتدەفڕاندن

ئەوەن بەمەرەکەب ئاشنایت

کەوەك ڕۆحی شەربەتێکی دەگمەن : دەیخۆیتەوە

دەستنوێژ بەمەرەکەب هەڵدەگریت

شاشۆخی سەرنشینی ئەستێرەیەکی شینی

جگە لەتۆ کێ کافرانە ئاواهی چاوان

بە مەرەکەبێکی ڕەش دەڕێژێ

سوێندت خوارد بە قەیرەیی و نامرادانە بمریت

گەر ئەو پیاوە عاشقە کە لێوانی لە مەرەکەبدا نوقمە

نەیەت و بە نەخشی هەردوو لێوی

نەك لەسەر هەردوو کوڵمانت ... تەختی تەوێڵت

نێوان هەردوو مەمکانت

بەڵکو لەسەر ئازای جەستەی سپی

وەك چوڕی شیرت جێ نەهێڵێ

قژی قەرەجیت لە مەرەکەب دەنێی

بەر گەردنی زەعفەرانیت بە مەرەکەب دەکوتی

کە خەمێکی شین و تەنك پەڕەی دڵت دەلەرزێنێ

سواری گەمییەك دەبیت و

بێ پەروا دوو قەڵەم دەکەی بە سەوڵا و ...

خۆت لە دەریایەکی پڕ مەرەکەب مارە دەکەی

ئەو ماسییە خنکاوانەش هەڵدەگریتەوە

کە خۆشەویستی مەرەکەب خنکاندوونی و ...

سەرئاو کەوتوون

هەموو شەوێك لە حەژمەتی چاوەڕوانی

پیاوێکی عاشق و ئاودامان مەرەکەب

خۆت دەدەیتە بەر بارانی شینی چ حوبرێك و

خۆت لە عەتری کام مەرەکەب وەردەدەی؟

دەترسیت ئەو سوار ئەسپەبێ و ...

تیژ تێپەڕێ و ... ئیدی بڕوا و نەیەتەوە

ئەو پیاوە ئەوەندە شێتە ...

هەر ژنێك بۆنی مەرکەبی لێ نەیەت

مەحاڵە بێتە ژوانی و ... بیناسێتەوە

گوناهی ژنانی گەڕەك بوو

ئەو وەختەی هێشتا ساوابوو

ویستیان لە "شیر" بیتۆرێنن و ...

ئیدی گەورەبووە و لە مەمکانی بکەنەوە

دوو دڵۆپ مەرەکەبیان رشتە سەر هەردوو گۆی

مەمکی دایکی ...

ئەم پتر دەمی پێوەنا و ...

زاری هەڵنەگرت تا چۆڕی لە مەمکان بڕییەوە

لەو رۆژەوە ... مەرەکەب تێکەڵا بە شیری دایکی چۆتە خوێنیەوە

ئەو لەعنەتییە تا هەنووکەش گەورە نەبووە

منداڵێکی ساوا و گرینۆك لە رۆحیدا نووستووە

ئەوساش وابوو کە گۆی مەمکیان لە زار دەردەهانی

بـه ئـامـان و زەمـان ژیـر نـەدەبـۆوە ...

تـا هـەنووکـەش ئـەو پیـاوە وێـڵا و گـەڕیـدەیـە ...

لـە دوورەوە بـۆنـی کردووی ...

لـە هیـچ گـەڕەك و ... شار و ... مـەملـەکـەتێك لانـادات

تـۆش بـێوەژنـێکـی کـۆست کـەوتـوو

ئـاودامـان رەش

لـە پـاش دەیـەها شوو بـەو پیـاوانـەی

بـۆنـی گـەوڕ و پـارە و پـاشـەڕۆکـیـان لـێدێ

چـاوەڕێـی ئـەو سوارە بـە

کـە لـەبری خـوێن مـەرەکـەب بـە دەمـارەکـانـیدا دەگـەڕێ

هـەتـا ئـەو دێ ..

تـۆ چـاوان بڕێـژە و ... دەسـت و پـەنـجـەکـانـیشـت

لـە مـەرەکـەب بـنـێ ...!

تـامـپـێـرێ/1997